پارێزگاری سلێمانی لە دیوانی پارێزگادا پێشوازیکرد لە وەفدکی باڵای ژنانی باکووری کوردستان

ئەمڕۆ چوارشەممە، د.هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی لە دیوانی پارێزگادا، پێشوازیکرد لە وەفدکی باڵای ژنانی باکووری کوردستان، کە پێکهاتبوون لە سەرۆکایەتی ئەردگان ئەندام پەرلەمان لە شاری سێرت، عەدالەت چیمەن هاوسەرکی شارەوانی سلێپی، گوڵبەهار گوزەل بەرپرسی پەکخراوی ئافرەت، نەسلیهان ئاجەر ئەندامی کۆنگرەی گەلی دیموکرات، گوڵبەهار ئاپ سی ئەندامی ئەنجومەنی ژنانی هەدەپە و ناهیدە ئرمیل نوێنەری هەدەپە لە هەولێر.

لە دیدارەکدا گفتوگۆ لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگیی نێوان شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و پارێزگای سلێمانی کرا و پارێزگاری سلێمانی سوپاس و پشتیوانیی و ئامادەیی پارێزگای سلێمانی بۆ پڕۆژەدانی بواری پەروەردەیی و کولتوریی و ژینگەیی و ئابووریەکانی نێوانیان دەربڕی.